# شەوی ئەفسووناوی (ئۆسكار)

جەلال بەرزنجی

دوێنێ شەو لە (لۆس ئەنجلس) ولە سەر شانۆی (كۆداك) لە هۆلیوود لە ئەمریكا ئاهەنگی حەفتاو هەشتەمینی بەخشینی خەڵاتی (ئەكادیمی ئۆسكار) بە سەر براوەكانی بواری سینەما بە رێوە چوو . لەم كەرنەڤاڵە مافووری سوور و جوانی و شیكایەتی دەیان كەلە دەرهێنەروئەكتەری ئەستێرەی جیهانی سینەما ئیحای جوانیەكی ئەفسوناوی دەبەخشی دوێنی شەو لە ماڵەوە راستەو خۆ لە كەناڵی س.ت.ڤ. كەنەدی ئەم ئاهەنگەمان بینی فلیمە كانی ئەمساڵ خەڵاتیان بردەوە ئەم فلیمە تۆكمەو زەبەلاحانە بوون ماوەیەكی دوورو دریژ بوو لە ستۆدیو كاریان لە سەر دەكرا , رەنگە ئەمساڵ پەیامی (مە سیج) ئەم فلیمانە لە گەڵ سیاسەتی ئەمریكا كۆك نەبووبن هۆلیوود هێلی لە گەڵ سیاسەتی ئەمریكا پچڕابێت , فلیمی تامپۆن ( ئیستدام) (كراش) ی دەرهێنەری كەنەدی (پۆڵ هاكز) باشترینفلیمی ئەمساڵ بوو سێ خەڵاتی ئەكادیمی ئۆسكاری ساڵی دووهەزار شەشی بردەوە فلیمی (كراش) باس لە كێشەیەی گەرم و ئاڵۆزی رێسیزم و توندوو تیژی دەكات لەئەمریكا بەتایبەت لە نێوان كەسانی كۆچ كردوو پێشینەی (باكگراوند) جیاواز لەئەمریكا , چۆن لە میداش فەرامۆش كراوە , وە هەر وەما دەرهێنەری تایوانی(ئینغ لی) لە فلیمی (چیای برۆك باك) خەڵات كرا , باشترین ئەكتەری فلیمی (ترۆمان كاوبۆی) (ریس)ئۆسكاری بردەوە , ئەم فلیمەش باسی دیادەی (نێر بازی) دەكات سەرۆكی ئەمریكی جۆرج بۆش گووتبووی حەز ناكەم ئەم فلیمە ببینم ( جۆرج كلۆنیش) لە فلیمی (سییرنا ) وەك باشترین ئەكتەر خەڵاتی ئوسكاری بردەوە .ئە و فلیمەش باس لە كێشەی گەرم ئاڵۆزكاوی نەوت لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست و تێوەگلانی ف.ب.ا. .دەكات لە فلیمە بیانیەكانیش فلیمی (تسوس) ی خوارووی ئەفریقا خەڵاتی بردەوە , لە فلیمی دیكۆمەندیش (پێشەوە چوونی ئیمپراتور) خەڵات كرا .ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لە و كەرنەڤاڵە مەزنە هەڵوێستی دەرهێنەری فلیمی (كراش) بوو كە خەڵاتەكەی پێشكەش بەوانە كرد كەوا ئەمرۆ لە دنیادا لە پشت كامیرا ئیش بۆ نەمانی ریسیزم (ئەنتی رێسیزم) وسەر خستنی ئاشتی و داد پەروەری دەدەن . هەڵبەتە ساڵانە سەدان ملیۆن كەس لە دنیا

سەیری ئەم شەوە مەزنە دەكات .